# هەنگاوێکی سەرکەوتووانەی پەنابەران لەشاری هال، و وەلامی دان شکین بەراسیزم!

رۆژی 27–7–2003پەنابەرانی کوردی عیراقی لەشاری هال بەرێك خستنی ریزەکانی خۆیان توانیان خواست وداوکاریەکانی خۆیان بەسەردەولەتدا بسەپینن، نۆینەرانی دەولەت کێش بکەن بۆ دانیشتنی رەسمی وەگۆی گرتن لەداواکاریەکانی پەنابەران لەشان خالی کردنی دەولەت بۆ پاراستنی پەنابەران لەدەست دریژی راسیزم و نەژاد پەرستی کەبەرۆکی بەپەنابەرانی کورد گرتووە لەو شارەدا، بەشیوەیەك کەشەقام وجادەو شۆینی کار لەپەنابەران بکاتە دۆزەخ.

ماوەی زیاتر لەهەفتەیەك دەبێ کۆمەڵێك دەست و تاقمی چەقۆکیش، دەمارگیری کۆیری قەومی بزواندونی، کەوتوونەتە هیرش کردن بۆ سەرپەنابەران و کەسانی غەیرەخۆی لەشاری هال دا کە تەنها لە ماوەیەکی کەم دا چەندین دەست دریژی ولیدان لەپەنابەران وە سووتانی سەیارەو دەست وقاچ شکاندن و رووداوی چۆراوچوریان لەو شارەدا تۆمارکردوە.

دەولەت و پۆلیسی ئەو شارە بەئەندازەی پێویست نەك ئامادەنەبوون ئەو دەستەو تاقمانە بگرن بەلکو بەئاشکرا ئەو سیناریووانە بەپێش چاویاندا تیّ دەپەریّ و بگرە لەدەمی چەند پەنابەرێکی کورد لەکاتی ئەو دەست دریژیانەدا پۆلیس پێی راگەیاندون (بۆ ناگەرینەوە وولاتەکەی خۆتان) ، ئەمە سەرباری دەوری راسیستی میدیاو دەزگاکانی راگەیاندن کە باسەکانی رۆژیان گەرم کردوە بەدژی پەنابەران.

لەبەرامبەر ئەم دەست درێژی و هەرەشانەدا فدراسیون. . . خۆی دەگەیەنیتە ئەو شارە ئێوارەی 26 –7لەگەل پەنابەرانی کورد لەو شارەدا لەسەر ئەو کێشە گیرۆگرفتانە کۆدەبنەوە و لەسەر مامەلەی دروست بەراسیزمی کۆیرو بەرپرسیارتی راستەوخۆی دەولەت لە پاراستن و ئەمنیتی گشتی خەڵکی ئەو شارەوە و کارکردن بەیاسا بەشێوەیەکی بیّ جیاوازی بۆ سەرجەم خەڵکی هال وە هەروەها چونیتی راکیشانی سەرنجی گشتی رێکخراوەو ئەحزاب و خەڵکی شاری هال لەهاوکاریکردنیان لە پشتیوانی پەنابەراندا، لەم کۆبوونەوەیەدا پەنابەرانی کورد (سلیمان، عەدالەت، دەشتی) یان بەنۆینەرانی راستەقینەی خۆیان هەلّ بژارد وە رۆژی 27–7یان دانا بۆ کۆبوونەوەی تەواوی پەنابەرانی کورد لەپارکێکی گەورەی ئەو شارەدا تا بتوانن بەریّ پیوان بەرەو دەرگای پولیسی هەم بەرساید بەریّ بکەون تا دەولەت بخریتە ژیر فشارەوە بۆ گرتنی ئەو دەست وتاقمانە وە پاراستنی ئەمنیتی پەنابەران.



پەیتا پەیتا رۆژی یەك شەمە پەنابەران کات ژمیری 11 سەرلەبەیانی کۆدەبوونەوە تا ریزەکانی خۆیان یەك گرتووانە بۆ ئەو ریّ پیوانە ئامادەبکەن، وە تەواوی دام ودەزگاکانی راگەیاندن لەلایەن فدراسیونەوە. . . ئاگادارکرابووەوە کەپەنابەرانی کورد ئەمرۆ نارەزایەتی دەردەبرن تا ئەوانیش لەویّ بن، هاوکات پولیسی ئەو شارە ئاگادارکرابووەوە شەویّ پێشتر وەداوای دانیشتنیان لیّ کرابوو لەسەر ئەو

کێشەیە. ڕۆژی یەك شەمە کاتێك پولیس ودام ودەزگاکانی دەولەت، هیزەکانی پەنابەرانیان بینی لەدەوری یەك ڕێکخراو کۆبوونەتەوە، داوایان لە دەشتی جەمال کرد کە ئەوان ئامادەن بەرپرسیارانی دەولەت بهیین بۆ ئەو پارەکە لەگەلماندا دانیشن بەمەرجی ئەو ڕێپیوانە ئەنجام نەدرێ لەبەرهەندیك باری ئەمنیتی، دەشتی جەمال رای گەیاند بەپۆلیس (ئێمە لیرە نۆینەری پەنابەرانین، دەبێ رای پەنابەران لەو بارەوە وەرگرین، بەدوای ئەوەی تەواوی پەنابەران ئەو داوایەیان پێ باش بوو نۆینەرانی دەولەت مەجبوربوون بگەنە ئەو پارکە تاگۆی بۆ نیگەرانی و داواکاریەکانی پەنابەران راگرن. کات ژمیر 1نیوەرۆ (AdilKhan، Jemy Mordew) لەنۆینەرانی پۆلیس ودەولەت، (Trrest Robert) لەکانسلی ئەو ناوچەیەودەشتی جەمال بەنۆینەرایەتی پەنابەران کۆبوونەوە بە ئامادە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کورد. سەرەتا دەشتی لەسەر ئەوزاعی نائەمنی ئەو شارە وەدەست دریژی راسیستی بۆ سەر پەنابەران وە ئەو ڕووداوانەی لەماوەی ئەوهەفتەیەدا لەدژی پەنابەرانی کورد تۆمارکراوە قسەی کرد، هاوکات لەسەر نائەمنی عیراق وئەو هۆکارانەی پەنابەران ڕوویان کردووتە دەرەوە بەرپرسیاریتی ڕاستەخۆی دەولەت لە بەکارهینانی یاسا بۆ هەموان وە مسولیت نیشاندان لەئاستی گرتنی تاوان باران وئەو دەست تاقمانەی ئەمنیتی سەرجەم دانیشتوانی شاری هالیان خستۆتە بەردەم مەترسی، نۆینەرانی دەولەت رایان گەیان ئەوان ئامادەن بەزۆترین کات اجرئاتی خۆیان بکەن وە ئەو دەست وتاقمانە شوناسایی کراون و لەژیر چاودیریدان ونزیك بە 14 کەسیان لێ گیراوە وەهەروەها کۆرسی تایبەت دەکەنەوە بۆ ئەو پۆلیسانەی تازە دینە ناوسیستەمەکان وچونیتی تێ گەیشتن لەپەنابەران و مامەلەکردن بەیاسا، رایان گەیان پەنابەرانی کورد ئەمرۆ نمونەی نیشاندا خاوەنی کێشە دروست کردن نین وئەوان هاوکاری جدی دەکەن و پەنابەران خۆراگرین، هاوکات (عەدالەت) تەواوی ووتەکانی دەولەتی بە پەنابەران گەیاند و پەنابەران کەوتنە پرسیارکردن وداواکاریەکانیان لەپۆلیس، بەدوای وەلامی ئەوان دام ودەزگاکانی میدیا لەگەل نۆینەرانی پەنابەران و پۆلیس چاوپێکەوتیان کرد، دەشتی جەمال لەکۆتای ئەوهەنگاوە سەرکەوتوانەی پەنابەراندا، رای گەیاند ئەمە یەکەم ودواجاری کاری ئێمە نابیت و راسیزم بەراسیزم وەلام نادریتەوە گەردەستمان لەناو دەستی یەك بیت بەپشتیوانی خەڵکی ئازادی خواز و انسان دۆستی ئەم وولاتە دەتوانین بۆ وەلام دانەوەی دیاردەی راسیزم، راسیزم بنەبربکەین و زامن کردنی ماف و داخوازیەکانمان وەهەقی انسانی و مانەوەمان مسۆگەر کەین، دەبێ یەکگرتوو ریکخراوبین وە فدراسیونی پەنابەران سەنگەری ئێوەیە لەوپێناوەدا کاردەکات و لەگەڵتانداین و بەردەوام دەبین لە پشتیوانی و هاوکاری. هەنگاوی سەرکەوتوانەی شاری هال نیشان دانی یەك دەنگی وەریکخراویی وکوونەوەی پەنابەرانی کورد بوو دژ بە دەست دریژی بۆ سەرپەنابەران لەپێناو ئایندەیەکی انسانی و بێ جیاوازی و پێکەو ژیانێکی ئارام.

**سەرکەوی خەباتی یەکگرتوانەی پەنابەران**

**فدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا**

2003-8-1

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.